# کۆمەڵی کوردی لە تاراوگە

" باس ولێدوانێکی کراوە بۆ کۆی کۆمەڵی کوردی لەدەرەوە. بەو هیوایەی هەر تاک و لایەنێک بە پێ شارەزایی و بەشداریی و بەرپرسایەتی خۆی بتوانێت سەرنج و بۆچوون و هەڵسەنگاندی لەسەر زیاد بکات تا لە داهاتوودا بتواندرێ و بکرێ، ئاورێک وەسەر ئەو قەیرانە بدرێتەوە"

بۆ لێکدانەوەو هەڵسانگاندنی هەرکۆمەڵێک ، تا کوو بتوانی دەرهێنانێکی زانستی وپڕبەپێستی خۆی لە گەڵ بکەی دەبێ خەڵکانێکی ئاکادامیک یان ساز وکۆرگەلێکی شارەزا و خەریک بەوەها کۆمەڵەیەک، ئەو ئەرکە بەرێوەبەرێت. بە داخەوە من نە ئاکادامیکم لەو بارەوە و نە لە لایەنێکیش ئەو ئەرکەم خستراوەتە سەر شانم ، بەڵام وەک تاکێک کە تا رادەیەکی کەم و زۆرلەو بوارەدا تێکەڵاوم( من دەتوانم بێژم لە ماوەی٢٠ ساڵ لە نیزیک ٢ لە ٣ی کانادا واتە لە شارەکانی وێنیپێگ و هالی فاکس وئوتاواووڤانکۆڤەر بە رادەی توانای خۆم لە دامزراندن وکار کردنی لە کۆمەلە کوردیەکان بەشدار بووم) . ئەوەندەی بۆم بلوێت بە وردی سەرنجی خۆم لەو سوێنگەوە دەخەمە روو.

کۆمەڵگای کوردی لە ناوخۆ ولە تاراوڤگە ئەگەر نەڵێین یەکەم کۆمەڵگای ئاڵۆزی ئەمرۆی دنیایە، بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە یەکێک لەو کۆمەڵگایانەیە. بۆچی دەبێژین ئاڵۆزترینە. بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی  بەسەر چوار- پێنج کۆمەڵگای جیادا بە زۆرەملی تێکەڵ کراوە و ئەو زۆرەملیە نە، توانیوێتی کۆمەڵگای کوردی لە ناو خۆیدا بتوێنێتەوەو کۆمەڵگای کوردی بکات بە بەشێک لە کۆمەڵگای خۆیان، یان کۆمەڵگای نوێتریان لێ پێک بهێنێ . بەڵام کاریگەرێکی چەواشەی لە سەر کۆمەڵگای کوردی داناوە. دووهەم هەر لەو روانگەی دابەش و داگیری زۆرەملی کوردستان و کۆمەڵەکەی وەک کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەت و بێ میدیا وخوێندنگە و بێ چوارچێوەیەکی ئابووری و نەبوونی پەروەردەی ئازاد بە زمانی خۆماڵی ( دایک ) وای لەو کۆمەڵگایە کردوە کە بە شێوەیەکی نۆرماڵ گەشە نەکات و هەر جارێک کە بیچم و قەوارەی(سیستم) رامیاری وکۆمەڵایەتی و ئابووری کە لەو وڵاتە داگیرکەرانە پێک دێت ، بەزۆرەملی بە داسەپاندنی ئەو سیستمە لە کوردستان ئەوەندە یتر کۆمەڵگای کوردی شەپرزە دەکات . سێهەم  کۆمەڵگای کوردیش بە پێ ئەوەی کە خۆی بە داگیرکراو لەو کۆمەڵگایانەدا زانیوە ، ئەوەندەی بۆی کرابێ بەرەنگاری کردوونەوە. هەر وەها نە، توانیوێتی رزگاری بێت و نەویستوویەتی لە ناو ئەو کۆمەڵگا زۆرەملیانەدا بتوێتەوە. رۆژ لە گەڵ رۆژ کۆمەڵگای سەقەتتری لێ دەرهاتوە. چوارەم  هەر یەک لەو چوار-

پێنج بەشەی کۆمەڵی کوردستان بە ناچاری لە کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردستان دوور خراونەوە و نە خوازراو لە کۆمەڵگای بە زۆر لکێندراو تووشی هێندێک رەنگدانەوەو کاردانەوەی ئەو کۆمەڵگایانە بوونەوە و بۆ بەرەو یەکگرتنەوەی کۆمەڵگای کوردستان کەندوو کۆسپی حاستەمیان هاتوەتە سەر رێ یە.

کۆمەڵی کوردی لە هەندەران سەرەرای هێنانی ئەو تایبەتمەندیانەی سەروو لە گەڵ خۆی بۆ تاراڤگە دەبی ئەو خاڵانەی خوارەوەشی لێ بار بکەی .

1 – کۆمەڵی کوردی کە پەریوەی هەندەران بووە . دوو بەشی لە یەک جیایە، لە هەڵس وکەوتی خۆێدا . (تەنانەت هیواشی تێدایە کە رۆژ گارێک چ لە روانگی سیاسیوە و چ لە بەرژەوەندی کەسایەتی لە سەنگەری داگیرکەران دابوە .) بەشێکی سیاسی و خەباتکار لە دژی داگیرکەراندا خوازیار یان نەخوازیار تووشی تاراوگە بووە . بەشەکەی دیکەی لە دەست هەل و مەرجی داسەپاوی داگیرکەران بە سەر کۆمەڵگای کوردی و یان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتری ئابووری و هەر وەها گەیشتن بە ئازادی بۆ دەرەوە هاتوون . نووکە ئەو دوو بەشە لە دەرەوە بە گشتی کۆمەڵگای کوردی پێک دێنن .

2- بەشێکی بەر چاوی خەڵکی کوردی دەرەوە کە زۆر بەیان لە ناو حیزبە سەرانسەریەکاندا تێکۆشانیان بوە ( چ ئەوانە کە ماوەیەک

لە بەرە و سەنگەری داگیرکەراندا بوون وەک حیزبی توودە و چریکانی ئەکسەریەت وکۆمەڵێکی خەڵکی مەزهەبی و چ ئەوانەی لە بەرەی دژی داگیرکەراندا بوون وەک حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بەشێکی زۆری زاوزوویەکانیانەوە وردە ڕێکخراوەکانی دیکە ) . بە داخەوە ئەم بەشە زۆربەیان خەڵکانی بتوانا وسیاسین. بە پێی ڕوانگە و پێگەی سیاسی و ئایدۆلۆژی وڕێکخراوەیان نەک هەر یارمەتی دەر نین بۆ کۆمەڵگای کوردی لەدەرەوە ،بەلکوو زۆر جاران هۆکاری کزی و نەگەتیڤی کۆمەلی کوردین لە تاراڤگە.

3- کۆمەڵگای کوردی لە تاراڤگە هەر چەند بوارێکی ئازاد و والآتری لە چاو کوردستان هەیە . ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردی تاراڤگە بە پێی ئەو ئازادیەی ئەو وڵاتانەی تێدادەژی وپەریوەیان بوە . بە لام حیزبە کوردیەکان بە پێی بەرژەوەندی حیزب حیزبێنەی خۆیان کە ئەویش سەر چاوە لەو بیر و بۆچوونەیان دەگرێت کە بە گشتی هەموویان خەبات لە پێناوی دەسەڵات دەکەن نەوەکی خەبات بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی وڵات. ئەوە لە پراتیکدا بۆتە گورزێکی گەورە لە یەک نە گرتنی کۆمەڵی کوردی لە دەرەوە.

4- هاتوو چوی بەشێک لە کۆمەڵی کوردی لە دەرەوە بۆ ناوخۆی وڵات . ئەو خەڵکانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە

ناوخۆ بە بیانووی جۆراجۆر( حیزبەکان یەک نین و.... ) خۆیان لە کۆمەڵی کوردی دەدزنەوە .

5- کۆر و سازیە کوردیەکان لە دەرەوە مخابن راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری حیزبەکان ساز دەبن و بەرێوە دەچن . لێرەشدا دەبنە هۆی یەکنەگرتنی کۆمەڵی کوردی. ئەگەر کۆر و کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ لە لایەن تاکی سەربەخۆ هاتوونەتە دامەزراندن ویان دێنە دامەزراندن ، حیزبەکان بە گشتی یان تێکیان داون و یان بە بیانووی یەکتر، هاوکاریان نەکردوە .

6 – هەر کۆمەڵ ونەتەوەیەک تایبەتمەندی جوان ودزێوی لە گەڵ خۆێدا هەیە.یەکێک لەو تایبەتمەندیە دزێوانەی کۆمەڵی کوردەواری ئەوەیە کە کورد بە درێژایی ژیانی بە بەژنی خۆێدا لێک هاڵاندووە ، تەنانەت لە تاراڤگەش لە خۆێ ناکاتەوە : خەڵکی کورد نیشانی داوە و لەسەر پێیانە کە بۆ هەر سووکەڵە شەر و راپەرینێک کوڕ وکچی خۆی بنێرێتە مەیدانی شەر وگیان بداو زۆری دەربەست نەبووە، لەوەدەچێت گیان زۆر لاێ بایخدار نەبێت ( بەرخی نێر بۆسەر بڕینە ). بەڵام ئەوەندە گورج و گۆڵ نیە دەست بۆ گیرفانی بەرێت ولە جیاتی کوڕ و کچ بۆ رزگاری و بەرگری لە خۆێ دروا ( پووڵ وپارە ) لەو گۆرەپانەدا هەڵرێژێت. هۆیەکەی زۆر شەروپێکدادانە، کە بەسەری هاتووە ؟ گەشە نەکردنی باری ئابووری لە رەوتی گەشەی سروشتی خۆێدایە؟ بە سەقەت هاتنە

نێوی یان نەهاتنە نێوی سیستمی ئابووری لە گەمارۆی داگیرکەراندایە ؟ لێرەدا جێگای نیە لەسەری بکۆڵینەوە. جوولەکە لەو روانگەوە پێچەوانەی کوردن . ئەوان زۆر لە بەریان گرانە، کە تاقە کەسێکیان لێبکوژرێت یان بە کوشتی بدەن،بەلام هەموو خەڵکی تر پیان وایە کە جوولەکە سەقیلن. ئەوان ئامادەن بۆ کار وباری خۆیان بە تایبەت لە دەرەوە بە لێشاو دراو بە گۆرێ وەر کەن. وەک هەموو دەزانین بۆ کوردی بێ دەوڵەت و بێ پشتیوان، دراو، بۆهەڵسووران لە دەرەوە یەکێکە لەهەرە گیروگرفتەکان بۆ سازوکۆر وکۆمەڵی کوردی تاراڤگە.

بە پێ ئەو کۆمەڵە فاکتانە ی ناوخۆی ودەرەوە ، لە ناوخۆ هۆی یەک نەگرتنی کۆمەڵگای کوردی داگیرکەرانن واتە دەوڵەتی داگیرکەر گەورەترین کۆسپی نەخەملین وگەشەو یەکگرتوویی کۆمەڵگای کوردستانن. لە تاراڤگەش وەک ئامازەی پێکرا ،حیزبەکان بۆ بەرژەوەندی حیزبایەتی خۆیان بۆ گەیشتن بە دەسەلات هۆکاری کزی ولاوازی کۆمەڵگای کوردین لە تاراڤگە.

خاڵێکی گرینگ و ئەرێنی کە جێ خۆیەتی ئامازەی پێ بکرێت گەشەی تاکی کوردە کە لە کەش وهەوایەکی ئازادی ئەو ولاتانە ی پەریوەیان بۆت ، توانیوێتی بە کەڵک وەرگرتن وپشت بەستن بەو بوارە ،خۆی پێ بگەێنێت و رۆڵێکی بەرچاوی لە تاراڤگە هەبێت چ

لە بواری ئاکادامیک و چ لە باری چالاکی و هەڵسوورانی  لە ئاست نێونەتەوەیی وەکوو کوردی تاراڤگە .

بە پێ ئەو کورتە هەڵسەنگاندنە بۆ باشتر کردنی باری نالەبار و پەرش وبڵاوی کوردی لە تاراڤگە، دەکرێ لە سەر ئەو خاڵانەی خوارەوە باس ولێدوان بکرێت و لە پێناویاندا کار بکرێت.

1 – هەموو حیزبەکان ئەگەر بەراستی و لە دڵەوە خۆیان بەرپرسی خەڵکی کوردستان دەزانن و بۆ ئەوان هەوڵ دەدەن ، دەبی هەموویان واز لە نەخۆشی حیزب حیزبێن بێن و لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان واتا یەکگرتن بۆ سەرکەوتن ، هیزو توانای خۆیان وەگەر خەن وبەرژەوەندیەکانی حیزبی خۆیان لە پلەی دووهەم  دابنێن و خەڵکانی خۆیان وا بفرچکێنن کە یەکەم بۆ بەرژەوەندی گشتی و دووهەم بۆ  بەرژەوەندی حیزب تێبکۆشن.

2 – پشتگرتنی هەر کۆر وسازێکی کوردی سەربەخۆ بی هێچ بڕوبیانوویەک لە لایەن حیزبەکان . هەر وەها تا ئەو جێگایە بۆیان دەکرێت  ئەندامانی خۆیان لەو کۆر وکۆمەڵانە دانەنێن .

3 – تێکۆشان بۆ دامەزراندنی " کۆمەڵەی سەرانسەری کوردی تاراڤگە "کە دەبێ  تی ڤی و ئۆرگان و ماڵپەری سەر بەخۆی خۆی هە بێت تا بتوانێت  کۆمەڵگای کوردی لە تاراوگە کۆ بکاتەوەو

ببێت بە دەنگێکی یەکگتووی کوردی هەندەران . ئەوە دەتوانی لە ناوخۆی وڵاتیش کارکردێکی بەر چاوی هەبێ و لە داهاتوودا ببێت بە زمانی کورد لە ناو کۆر وکۆمەڵی نێونەتەوەیی ونێودەوڵەتیدا.

4 – تاکی کورد لە تاراڤگە دەبی زیاتر و باشتر لە دەرەوە خەریکی کار و تێکۆشانی خۆی بێت وهەڵسووراوتر و بە ئەزموونتر بۆ دامەزراندنی سازوکۆمەڵەی کوردی هەوڵ بدات و بەردی بناغەی " کۆنفیدراسیونی سەرانسەری کوردی تاراڤگە " دەبنێت.

لە کۆتاییدا بۆ تێگەیشتنی باری راستەقینەی کۆمەڵی کورد، وەک خۆی لە تاراڤگە ئەوەیە کە لە هەر بازێر ولە هەر ناوچەی وڵاتێک کە کوردی لێ دەژێت لە دوو رێگاوە ( کامێرەو نووسین ) راستەو خۆ راپرسی و وەرگرتنی دەنگی هەر کوردێک لە دڵی خۆیرا، ئەم سێ پرسیارەی لە گەڵ بکەی . 1 کورد بۆ چی هاتوە بۆ تاراڤگە .2 کورد چی دەکات لە تاراڤگە. 3 کورد چی دەوێت لە تاراڤگە . بەو شێوە دەرئەنجامێکی ریالیستیک وزانستی لێ بەرهەم دێت. لە بەر ئەوەی هەر وڵاتێک تایبەتی خۆی هەیە و ئەو تایبەتمەندیانەی ئەو وڵاتانەش، یەکێکی تر لەو کارکردانەن لە سەر کۆمەڵگای کوردی تاراڤگە کە کاریگەری خۆیان دادەنێن. بۆ وێنە ئێمە کە لە وڵاتی کانادا دەژێن. تایبەتمەندی زۆر و جیاوازی لە چاو ولاتانی ئەوروپا هەیە.

1 - کانادا لە گەڵ هەموو ئەو وڵاتانەی رۆژئاوایی بە تایبەت رۆژئاوای ئەورووپا جیاوازی گەورەی هەیە. ئەگەر وڵاتانی رۆژئاوایی، نێوانی دیپڵۆماتی و ئابووری و رامیاری خۆیان بە رواڵەت و ناویش بێ لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ دادەمەزرێنن و بە پێ بەرژەوەندی خۆیان باسی لێوە دەکەن . لەو روانگەوە کوردیش دەتوانی لەو وڵاتانە کەم تاکورتێک لەسەر داگیرکەران و پێشێلکردنی مافی کوردان دەنگی خۆ دەربرن. بەلام کانادا بە ئاشکرا پەیوەندی خۆی لە سەر بنەمای بازرگانی دارژتووە و مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەی کە لە گەڵیان دان وستان دەکات نە بە رواڵەت و نە بە ئاشکرا خەمی وانی نیە. بۆیە لەو سیلەشەوە کۆمەڵی کوردی چەندە خۆی لاواز بێ ، ئەوەندەی تر بێ دەنگ و پەرەوازە دەکاتەوە.

2- کانادا وەک ئەمیرکە و ئۆسترالیا وڵاتێکی کۆچبەریە و خەڵکانێک کە دەکەونە ئەم وڵاتە و لەو سیستمە جێگر دەبن . ئەگەر کوردەکان بەر لەوەی بێن بۆ کانادا بڕووکێک هەست وپلان و هەڵسوورانیان بۆ بزووتنەوەی کوردستان هەبێت شێوەی ژیانی کانادا ئەو مەیدانە، زۆر حاستەم وبەرتەسک دەکاتەوە .

3 – کانادا لە باری جوغرافیا و سیستمی دەسەلاتداری تایبەتمەندی خۆی ( وەک زۆربەی وڵاتانی تر ) هەیە. ئەویش

ئەوەیە کە یەکەم وڵاتێکی پان و بەرین و لە بەر یەک کشاوەیە و دانیشتوانێکی فرە کەم ( 34 میلیون ).

ئەو ناو چە فیدراڵیانە بەتایبەت بەشەکانی رۆژ ئاواو رۆژ هەڵاتی، گەڵێک لە یەک دوورن و پەیوەندی و هاتوو چووە ،کاریکی نەکراو ویان بە سانی نیە. هەر وەها هەر یەک لەو دەسەڵاتە فیدراڵیانە یاسا و تایبەتمەندی بە خۆی هەیە ، بێجگە لە دوو کۆمەڵگای ئینگلیزی و فەرانسی ، بەڵکوو هەر یەک لە وانیش جیوازیان پێکەوە هەیە. ئە م فاکتانەش بوونە هۆی ئەوە کە کوردەکانی کانادا کەمتر لە یەکتر  بە ئاگا بن و بۆ خۆ دەرخستن وخۆرێکخستنی خۆیان نەتوانن سەنگی خۆیان بنوێنن .

13/12/2010

کاوەسوور
kawesoor@yahoo.com